# داریان بڕین

ڕزگار عبدالکریم

له کوێی تۆ ..تا چیرۆکی هەموو ئەو ئازار و سۆیانەت بۆ باس بکەم ..تا بزانی منی ڕەشتاڵەی نوقم بووی ناو قوڕولیتەی دونیا جەنجاڵە ،چۆن چۆنی هەر ڕۆژە و بایەک دێت و دەمبات و هەر ڕۆژێک روبارێک دەمخنکێنیَ و هەر ڕۆژە و زۆردارێک ئازارم دەدا ،لە کوێی تۆ؟ ئاخر تۆ نەتدەزانی لێرە ،لەم وولاتی مەرگ و کوشتارەدا چ باهۆزێک بۆ ئێمە لیَ دەدرێت..ئاگادار نیت چەندیان بە دروشمی گەورە و قەبە لە مەیدانەکاندا خوێناوی کرد ،هەموو ئەمانە بە خاتری پڕبوونی خەیاڵ و پڕۆژەی ڕەشی خوێنیان..مەگەر خۆت بە چاوانی خۆت نەتدیبوو ،مەگەر تۆ خۆت نەبوویت بۆت باسکردم کە چۆن چۆنی وەک وەیشومە کەوتنە بالاًی کۆمەڵێک ئازادی خواز بە نیوەڕۆ و بە پێش چاوی هەمووەوە خەڵتانی خوێنیان کردن.. ئەو دیمەنانەی بینیبووت بە جۆرێک سەرسامی کردبووی هەستت دەکرد هەموو شتەکان پێچەوانەی دروشمەکانن ،لەو ڕۆژەوە هیچ ئومێدێکت بە دروشمە هەڵخەلەتێنەرەکانیان نەمابوو ..دەتزانی ئەو دروشمانە بانگەشەی کۆکوژین..زۆر لەسەر ئەو باسە دواین ،من هەمیشە لە ئاست قسەکانتدا گوێگرێکی باش بووم و دەتخستمە ناو دونیایەکی تر..ڕۆدەچومە ناو ناخی شتەکان زوو زووش ئاگادرت دەکردمەوە {نەبا فریوی دروشمە ساختەکانیان بم و ببمە سوتەمەنی خۆراکی هەمە ڕۆژەیان} منیش هاوڕا بە تۆ دەدوام،ئاخر ئەوە بە تەنها ئەوینێک نیە کە هاوبەش بێت لە نێوانماندا بەڵکو جۆری دیاریکردنی ژیانیشمان هاوبەش بوو.

بیرتە ئەها ئەو ساتانەی دوای هەموو ئەو دڵگرانیانە چۆن چۆنی لەسەر شتەکان دەدواین؟ هەر ئەو ساتانە من هەستم بە مەترسییەکی گەورە دەکرد،ئاخر ئەوان دەست دەنێنە ملی هەموو هەز و ئارەزوویەک،هیچ شتێک لایان جوان نانوێنێت،هەرچیەکیش ئارەزووی ئینسانی بێت بە ناوی دیموکراسیەوە لەناوی دەبەن،ئا بیرتە گوڵم هەناسەم سوار ببوو.. ئەمدەزانی چۆن ئەو هەستە دەرببڕم.. هیلاکییەکی بەرچاو بە سیمامەوە دیار بوو، ئاهێکت بە دەمدا هات و بە هێمنی ووتت( چیتە ئەوە بۆ وات لیَ هات؟) .

_ هەست بە مەترسییەک دەکەم

+ مەترسی چی ئەزیزم ..تیَ ناگەم؟

_ هەست دەکەم دەستێک کەوتۆتە بینە قاقام و دەیەوێت هەموو ئومێد و ئارەزووەکانم بکوژێت.

+ نا دڵی من ..ئەوان هیچ کات شتی وایان بەرامبەر ئێمە پیَ ناکرێت..ترست نەبێت.

ئێی دڵم کردیان ودەستیشیان تێی چوو ،ئەوەتا تۆیان لە من کرد و منیش لە تۆ .. هەر وابوو ئێمە بوینە نێچیری ئەو ڕاوکەرە دەست خوێناویانەی کە هەمیشە دەستیان بە خوێنی ئینسان سوورە، من هەر لەو ساتەوە ئەو وەهمە کوشتمی و لە هەموو لەزەتەکان بیَ بەری کردم و منی لێرە ڕاگرت و تۆش نادیار ،بڵێی ئێستا لە کویَ بیت؟ ئەی دەبێت چ حاڵ بیت؟.

هۆڵەندا

٢٠—١—٢٠٠٥